٥٠- زەینی کاریزما و یەکێتی نەتەوەیی!...

٥٢- پێشمەرگە مەندیل سپییەکان...

٥٣- تارمایی ژورنالیزمی زەرد بەسەر کوردستانەوە!...

٥٤- لێکترازان...

٥٥- چێگواراکان!...

٥٦- ڕەسووش بارگەکەی تێک نا...

٥٧- هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵا...

٥٨- من لە ماڵ نەهاتمەدەر!...

٥٩- بەرەو سەرەتای خەباتێکی نوێ!...

٦٠- شەقام، سارێژکەری زام!...

٦١- ڕێژیم دووانەی «حوسێن - یەزید»ی کردووەتە گوتاری قوتاربوون لە هەموو دۆخێکی قەیران... دیمانە: شەونم هەمزەیی...

## بابەتەکانی: ساڵی ................. ٢٠١٩ ............ لاپەڕەی: ١٨٥

٦٢- ئەوان و کۆمارەکەی ئێمە...

٦٣- پیرۆز بێ جەژنی لەدایکبوونت جەنابی ڕەئیس جومهوور!...

٦٤- پێویستیی هەرەوەزێکی گەشتیی کۆمەڵگەی جیهانی بە دژی کۆماری ئیسلامی...

٦٥- شەقام لە پشت "قەڵا"...

٦٦- خولانەوە لە بازنەی خیانەتدا!...

٦٧- ئەم بزووتنەوەیە دواجار کۆماری ئیسلامی تێکەوە دەپێچێ! ... دیمانە: عەلی بداغی...

٦٨- دواپەردەی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەیە!...

# لێکترازان

لە مێژووی بزووتنەوەی گەلی کورددا، بە شێوەیەکی مۆدێرن، واتە لە سەر بنەمای حیزبی بەتایبەتی لەو بەشانەی کوردستان کە خەبات لە برەودا بووە، لێکدابڕان و لێکترازانی حیزبی هەبووە، ڕەنگە ساز بوونی یەکێتی لە هەفتاکان و دواجار دابڕانی گۆڕان لە یەکێتی نیشتمانی، نموونەیەکی باش بێ بۆ ئەم ئیدعایە. دابڕانێ کە دواجار بۆتە هۆی ئەوە کە حیزبی تازە هاوشانی حیزبی دایک، چالاکی بکات و جەماوەر بۆ لای خۆی پەلکێش بکا و تەنانەت هەندێ جار حیزبە تازەکە لە هەندێ بواردا وە پێش حیزبی دایک کەوێ. کەوا بوو ئەمە لە باری سیاسی و تەشکیلاتییەوە شتێکی زۆر ئاساییە. ئەوەی کە بۆتە هۆی لێکترازان لەم نموونانەدا "شێوەی خەبات"ە کە ئەم پاساوە، واتە گۆڕینی میکانیزمەکانی خەبات، بەشێکی بەرچاوی لایەنگرانی حیزبی دایک ڕەگەڵ خۆی دەخات بۆ ئەوەی ئاوانگارد و جیاوازتر، لە قالب و پێکهاتە و ناوەرۆکێکی تازەتردا درێژە بە خەباتی خۆی بدا. ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ساز بوونی پلۆرالیسمێکی سیاسی و فرەحیزبی لە ناو کۆمەڵگادا و دەرئەنجام کۆمەڵگەیەکی دینامۆ و زیندوو و وریا لە کەشوهەوایەکی ڕکابەرێتیدا وەک هەوڵێکی ئەرێنی لە ناو حیزبەکاندا دێتە ئاراوە.

بەڵام چیرۆکی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە دوو دەیەی ڕابردوودا، چیرۆکێکی گەلێک جیاوازتری هەیە:

**یەکەم**: ئەم حیزبانە کە تووشی دابڕان بوون لە ڕاستیدا، هیچ چەشنە جیاوازییەکی ئایدۆلۆژیکیان پێوە دیار نییە کە وەک گوشارێکی ناوخۆیی ببێتە هۆی لێکدابڕان و لە هەمان کاتیشدا گوشاری سیاسی دەرەکیشیان لە سەر نەبووە تا بەرامبەر بەم گوشارانە تابشت نەهێنن و دوچاری لێکترازان بن.

**دووەم**: بەرنامەیەکی نوێیان بۆ خەبات پێنەبووە، واتە میکانیزمی خەبات، هەمان پرۆگرامەکانی پێشوو بوون، ئیستراتێژییەکان هەمان ڕێکارەکانی ڕابردوو بوون، بۆیە خەڵک لای وایە کە ئەم دابڕانانە، لەسەر بنەمای هزر و عەقڵانییەتی سیاسی نەهاتۆتە ئاراوە، بۆیە لە ئاکامدا خەڵک پێملی ئەو دابڕانانە نەبوون و هەر لە یەکەم ڕۆژی دابڕانەوە، چاوەڕوانی یەکگرتنەوەیان دەکەن.

**سێهەم**: بەو پێیە کە ئەم حیزبانە لە تاراوگە دەژین و خەڵکی ناوخۆی ڕۆژهەڵات لەهەمبەر حیزبی دایک و حیزبی نوێ، بواری هیچ چەشنە جووڵەیەکی سیاسیان نییە و بە کردەوە ناتوانن هیچ دەورێک ببینن، کەوابوو

جیاوازییەکی ئەوتۆی بۆ خەڵک نییە کە حیزبی تازە، خاوەنی چ گەڵاڵە و پلانێکە...

**چوارەم**: خاڵێکی تر، ژینگەی تاراوگەیە، واتە ئەم حیزبانە بە پێی ئەوە کە لە ناو پێکهاتە و دەسەڵاتی سیاسی ناوخۆدا نین و وەک ئۆپۆزیسیۆن هەژمار دەکرێن، لەت بوونیان زیاتر بە قازانجی دەسەڵاتی ناوەندییە و ئاکامی دابڕانەکان، باری ڕووحی و ڕەوانی کۆمەڵگا، تەنانەت خودی لەتەکان تا ئاستێکی بەرچاو دادەبەزێنێ، هەر بۆیەش خەڵک وەک دژکردەیەکی ڕەوانی لەهەمبەر دەسەڵات، خوازیاری یەکگرتنەوەیە تا لانیکەم بەم شێوەیە لە بەرامبەر حکوومەتدا، خۆی بنوێنێ.

**پێنجەم**: تایبەتمەندی تاراوگەنشینی حیزب دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرقاڵی خەبات نەبێ، کە خەبات نەبوو بە ئەرکی ڕۆژانە و مژاری ستراتیژیکی حیزب، کاری حیزبی وەک دەوامێکی ئاسایی لێدێ، دەوامی ئاساییش کە بێبەرییە لە ڕووحی ڕۆمانسییەتی شۆڕشگێڕی، بۆیە جیاوازی نییە لە کام لەتدا بکرێ.


کە وا بوو لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا وەک تاراوگە بە پێی ئەم پاساوانەی باسمان کردن، لێکترازانی حیزبێک زیاتر دەگەڕێتەوە سەر سەلیقە تاکەکەسییەکانی ناو سەرکردایەتی و پێکهاتەی حیزب و بەدەنە و هیچ پاساوێکی مەنتقی بۆ ئەو دابڕانانە لە ئارادا نییە.

گرفتی سەرەکی ئەم حیزبانە لە ڕوانگەی ڕستەیەکی ڕێنێ شاڕ نووسەری فەرەنسی ئەندامی بزووتنەوەی خۆڕاگری ڕەنگە باشتر وەرد بدەرێتەوە، ڕێنێ شاڕ دەڵێ:

"ئەم میراتە بە وەسیەتنامە نەگەیوەتە دەستمان". دیارە ئەم میراتەی هەنووکە حیزبە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵات بە دەستیان گەیوە لاپەڕەی کاغەزێک نییە وەک وەسیەتنامەیەکی ساکار، بەڵکوو بەرهەمی خوێنی هەزاران شەهید، کەمئەندام، زیندانی سیاسی، بنەماڵە بێنازەکانیان، دەربەدەری، ماڵوێرانی و پەرتەوازەییە! بەڵام ئەوان لەم حەقیقەتە خافڵن. بۆیە بە پێی ئەم زرووفەی بۆیان ساز بووە و ئەم بارودۆخەی تێیدا دەژین تووشی چەقبەستووییەکی نەگۆڕ هاتوون کە تابشتی ئاڵوگۆڕ ناهێنن و خوویان بە بارودۆخی هەنووکەیی (وضع موجود) گرتووە و وای بۆ دەچن کە ئەم میراتەی ئێستا ئەوان خاوەنداریێتی لێدەکەن بە شێوەیەکی ساکار وەک وەسیەتنامە بە دەستیان گەیوە، هەر بۆیە مادام حەول نەدەن ئەم زەینییەتە بگۆڕن و میکانیزمەکانی خەبات نەگۆڕن لێکترازانەکان بەردەوام دەبێ.

ئەگەر سالانی ٦٠ی زایینی خەباتی نەتەوەکان ژێردەستەکان لە سەر بنەمای تیۆری چەرخی بچووک، چەرخی گەورە

## ڕەسووش بارگەکەی تێک نا...




بێ هیچ شک و گومانێک نەمانی هونەرمەندی نەمر مامۆستا ڕەسووڵ نادری، کارەساتە بۆ ئەدەبی زارەکی کوردی یان هەمان فۆلکلۆری کوردی. خەزێنەیەکی لەبڕان نەهاتووی قسەی خۆش و نەستەق و نوکتە و پەندی پێشینیان. ئەو نەقڵانەی شان لە شانی ڕشتەی مرواری عەلائەددینی سەججادی دەدەن و بگرە، چون ڕاستەوخۆ لە زمان خۆیەوە دەیبیسین بەتام و چێژترن! خۆ دیارە بەشێکیان فۆلکلۆرن، بەڵام زۆربەیان بەرهەمی زەین و خەیاڵ و ئەزموونی تاکەکەسی خودی کاک ڕەسووڵن.

من دەمێک ساڵ بوو کاک ڕەسووڵم دەناسی لە نیزیکەوە، گوێبیسی زۆربەی نەقڵ و نەزیلە و گۆرانییەکانیشی بووم، بۆیە بەشێکی بەرچاوی کوردی زانینی من، وامداری گوێ گرتن لە کاک ڕەسوو و جیلی کاک ڕەسوویە.

زۆر بە کورتی دەتوانم ئەم چەند خاڵە، لە دەقی قسە و گۆرانییەکانی کاک ڕەسووڵ نادری هەڵێنجێنم:

- بەسوخرە گرتنی داب و نەریتە خوڕافییەکانی کۆمەڵگا و تەنانەت ڕەخنە لە ئایین لەبەر ملکەچ کردنی مرۆڤی ساویلکەی سەردەم و هاوکات پەلاماردانی مەلا و شێخ بە زمانی تەنز و تیری تەوس و توانج و بزە خستنە سەر لێوی چینی هەژار و پەراوێزخراوی کۆمەڵگای کوردستان!

- ڕەنگە کەم کەس هەڵکەوێ وەک ڕەوانشاد ڕەسووی نادری زمانێکی ڕووت و بێ پەردە و بێ پێچوپەنای بووبێ، واتە بە جۆرێ تابۆشکێنی دەکا و ئەوەی لە دڵی زۆربەماندا هەیە و ناوێرین بیدرکێنین، ئەو بوێرانە دەیهێنێتە سەر زار و زمانی.

- شێوازی گێڕانەوەکان سەرسوڕهێنەرە، واتە کارەکتێرەکان و لۆکێیشێنەکان بە وردی و بە ڕوونی نیشانی گوێگر دەدا، کە گوێت لە دەنگی دەبێ دەڵێی خەریکی وێنەکێشانە. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە خۆی لە کاتی گێڕانەوەدا دەوری کارەکتێرەکانی ناو نەقڵەکانیش دەگێڕێ!

- بوونی چەمکێکی گرینگ لە قسەکان و گۆرانییەکانیدا واتە چەمکی "دژایەتی لەگەڵ نەتەوەی عەجەم (ترک)" وەک نەتەوەیەکی باڵادەست کە لە قالبی ژاندارم و ئەمنییەدا بەردەوام زوڵمیان لە نەتەوەی کورد کردووە، وەک دژکردەوە!

- وەک باسم کرد زمانی ئەم جیلە زمانێکی پەتی، ڕەسەن، خۆماڵی و پاقژە. سەدان و هەزاران وشە لە ناو نەقڵ و نەزیلە و گۆرانییەکانیدا لە فەوتان ڕزگار بوون و بۆ هەتاهەتایە وەک موڵک و سامانی نەتەوەیی تۆمار کراون. پسپۆڕەکانی زمانی کوردی و زمانەوانەکانمان ئەگەر دەیانەوێ شت بنووسن و شت فێر بن... سەرلەنوێ گوێ شل کەن بۆ قسەی نەستەق و حەیران و گەلۆ و بەیت و نەقڵ و نوکتەکانی ڕەسووی نادری و ڕەسووی نادرییەکان!

- مامۆستا ڕەسووی نادری، دەنگخۆشی بەزم و هەڵپەڕکێ و داوەت بوو، تایبەتمەندی ئەم شێوازە لە گۆرانی کوردی واتە گۆرانی شایی و هەڵپەڕکێ "بداهەخوانی و بداهەنوازی"یە، ئەمەش پێویستی بە توانایی بەسەر وشەی کوردیدا و زاڵ بوون بەسەر زمانی کوردیدا هەیە، وەک بۆخۆی زۆر جاران لە کاتی گۆرانی کوتندا دەیکوت: بێتوو لە زارم خلاس بێ، بەندان لە گیرفانم دەردێنم. لە لایەکی تریشەوە تەواو بە سەر لقە جۆربەجۆرەکانی بەیت و حەیران و گەلۆ و...دا شارەزا بوو.

- ئەوەی بۆ من هەمیشە زۆر جێگەی سرنج بووە، بۆچوونی جیاوازی نەمر ڕەسووی نادرییە لەسەر حەیران، کاک ڕەسووڵ باوەڕی وا بوو کە حەیران هی دەشتی هەولێر نییە، بەڵکوو لە موکریانەوە سەری هەڵداوە، ئەویش بە هۆی ژنانەوە نەک پیاوان. حەیران شتێکی ژنانەیە. بەدەر لە ڕاست و ناڕاستی ئەم بۆچوونە، ئەو شێوە پێچەوانەی خەڵک بیرکردنەوەیم بەدڵ بوو.

- وەک دواوتە: نەمر مامۆستا ڕەسووڵ نادری، هونەرمەندێکی نەتەوەیی بوو...

بژی هێزی پێشمەرگە، بژی حیزبی دێموکرات، بە دەنگی خۆی (لینک: کامێنتی یەکەم). تەمەن یار بێ، قەرزدارم وتارێکی تێروتەسەل! دەستی ڕێز بە سینگمەوە دەنێم بۆ هەموو زەحمەتەکانی لە پێناو پاراستنی "وشە"ی کوردی. گیانی شاد، یاد و ئاسەواری گەش و هەرمان، سەری نیشتمان سلامەت!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵا

ڕەنگە زوو بێ لەسەر کاردانەوەکانی هێرشی مووشەکی سپای تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر قەڵای دێموکرات هەڵوێست بگرین، بەڵام دەکرێ لە چەند ئاستدا پۆلێن بەندییان بکەین و چاوەڕێی ڕۆژانی داهاتوو بین بۆ تاوتوێی وردتری هەڵوێستەکان. بەڕای من بۆ لێکدانەوەیەکی تێروتەسەل دەبێ سەرجەم ڕوانگە و هەڵوێستی ئەم لایەنانەی خوارەوە ڕەچاو کرێ:

- ڕوانگەی نێونەتەوەیی (وڵاتانی زلهێز + ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان)
- ڕوانگەی ناوچەیی (وڵاتانی دەرودراوسێ)
- ڕوانگەی کوردانی دەرەوەی وڵات (دیاسپۆرا)
- ڕوانگەی حیزبە کوردستانییەکانی پارچەکانی تر
- ڕوانگەی خودی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات
- ڕوانگەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی (فارس و نەتەوەکانی تر)
- ڕوانگەی کوردەکانی پارچەکانی تر (چون بە ئاشکرا هەڵوێستی خەڵک لەگەڵ حیزبەکان زۆر بەیەکەوە تەبا نییە!)
- ڕوانگەی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە واتایەکی تر ئەگەر بمەوێ قایل بە دابەشکردنێکی تایبەت بم، دەبێ لە سەر دوانەی "کورد-ناکورد" لەنگەر بگرم تا بزانین باڵانسی ئەم هاوکێشەیە چۆناوچۆنە؟ کاریگەری کام لایەن بە کردەوە، زیاترە؟ هەڵوێستی کام لایەن شوێندانەرترە؟

دیارە هەڵوێستی نێونەتەوەیی، ناوچەیی و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەک لایەنی ناکوردی گرینگە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا دیومانە لە ئاست کارەساتەکە زۆر بچووکە. تویتێکی مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا (کە بەردەنگەکەی ئێمە نین) و ڕەنگە چەند پەیام و برووسکەیەکی وەک موجاهیدین و... ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ! ڕەنگدانەوەیەکی کاڵ و کەمڕەنگ.

بەڵام لایەنی کوردی هاوکێشەکە (بەگشتی) بەبوون و نەبوون، کەم و زۆر، چاک و خراپ تا ئێرە هەندێ

## من لە ماڵ نەهاتمەدەر!

ڕۆژهەڵات جارێکی تر سەلماندی کە خاوەنی شعوورێکی سیاسی زۆر بەرزە، ڕۆژهەڵات سەلماندی کە شار لە شاخ دانەبڕاوە، هەربۆیەشە مان دەگرێ. مان دەگرێ و ڕق و بێزاری خۆی بەنیسبەت داگیرکەری کوردکوژ دەردەبڕێ، چون کورد ئەگەر لەباری فیزیکی و جەستەییشەوە لێکدابڕابێ، یەک ڕووحە، چ لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات بێ، چ لە دیاسپۆرا و چ نیشتەجێی باشوور. ئەم سێکوچکەیە تەواوکەری یەکترن و دەبێ بە پێی ژینگەی سیاسی خۆیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ. ئەم مانگرتنە کە بە شێوەی چۆڵ کردنی شەقامەکان و شوێنە گشتییەکان و نەهاتنەدەر لە ماڵ و داخستنی دووکان و بازاڕ بە ئاکام گەیی، ڕێک نافەرمانی مەدەنی و خەباتی مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. پتانسییەلێکی بەهێز، کە توانایی سازکردنی خاڵگۆڕانی مێژوویی هەیە و بە کردەوەش ئەمەی سەلماند.

ساڵی ٢٠١٥ پێشنیارم بە هاوڕێیانی حیزب دێموکرات کرد کە لە بانگەوازە جۆربەجۆرەکانیاندا بەرامبەر خەڵکی ناوخۆ، چەند ڕێنوێنییەکی جین شارپ (ژانویەی ئەمساڵ کۆچی دوایی کرد) گەورەبیردۆزی خەباتی مەدەنی بۆ وێنە "لە ماڵ نەهاتنەدەر" ڕەچاو کەن، ئەوە هەزینەیەکی ئەوتۆی نییە و گرفت کەمتر سازدەکا و دەسەڵاتیش بە چالش دەکێشێ! (کوردییەکی دەبێتە لمبۆزی لە خۆڵێ وەردەدرێ!)

ئەم بیرۆکەیەم هەر لە زەینندا بوو تا ڕووداوە تاڵەکەی ڕۆژی شەممەی قەڵای دێموکرات، پاش ڕاوێژ کردن لەگەڵ هەندێ هاوڕێی ناوخۆ و دەرەوە، پێشنیاری مانگرتنمان هێناگۆڕێ و پێداگریمان لەسەر ئەوە کرد کە بە خەڵک بڵێین لە ماڵ نەیەنەدەر و ئەم هەشتەگەمان سازکرد: من لەماڵ نایەمەدەر کە هەر زۆر زوو لە سۆشیال میدیادا تەنییەوە و دواتر ئەوەشمان لێ زیاد کرد: لەبەر غرووری نەتەوەییم چوارشەممە ٢١ی خەرمانان من لە ماڵ نایەمەدەر، بۆ جۆرێ هاندانی ئیحساسی. بە خۆشییەوە هەشتەگەکە گرتی! دیارە هاوڕێیانی تریش لە ئێمە ماندووتر بوون لەم فەزایەدا. پێشتر بڕیارمان دابوو دووشەممە ١٩ی خەرمانان ڕۆژی مانگرتن بێ، بەڵام دۆستانی حیزبی کوتیان بۆ هاوئاهەنگی زیاتر ڕۆژی چوارشەممەمان هەڵبژاردووە و ئێمەش کوتمان بۆ یەکدەنگی و یەکڕیزی، بان چاو!

ڕەهەندی کارەساتباری هێرشە تیروریستییەکەی سەر قەڵا، ئێعدامی گەنج و لاوەکان و دۆخی ناوخۆ، یەکدەنگی هێز و لایەنە سیاسییەکان هەمووی ئەوانە، هۆکارێک بوون بۆ تەقینەوەی بۆرکانی ڕق و قینی کوردستان و دەکرێ

بڵێین ڕاپرسییەکی ئاماڵ ڕیفراندۆم بەڕێوەچوو، بەم چەشنە لاپەڕەیەکی هەمیشە زێڕین بۆ مێژووی کوردی ڕۆژهەڵات تۆمار کرا. سێکوچکەی خەبات ئەم جارەیان بەتەواوی، یەک مەبەست و ئامانجیان دەپێکا و ئەویش بە سۆخرەگرتنی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ بوو کە پێی وابوو بە مووشەکەکانی ڕووسیا، دەتوانێ قەڵای کوردان لەبن بێنێ، کەچی لمبۆزی خۆی لە خۆڵێ وەردرا.

یەک خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئەم دەسکەوتە دەبێ ببێتە بنەمایەک بۆ "ساز کردنی نەریتێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی" بۆ پاشگەز کردنەوەی دەسەڵاتی ملهوڕی کۆماری ئیسلامی لە هێرشەکانی بۆ سەر گەلی کورد. نەریتێک کە دەبێ هەمیشە لەبەر دەستان بێ.

دیسان سپاس بۆ تاک بە تاکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرجەم کوردانی نیشتەجێی تاراوگە و هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان. سپاس و پێزانینی تایبەتیشم بۆ ئەو هاوڕێیانەی - بەتایبەتی ناوخۆ - کە چەند شەو و ڕۆژ نەخەوتن. ماندوو نەبن، ئێوە لە ماڵ نەهاتنەدەر!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## بەرەو سەرەتای خەباتێکی نوێ!

سەرەڕای پتانسییەلی بەهێزی ناوخۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی ملهوڕی کۆماری ئیسلامی، کە لە ڕۆژێکی وەک ٢١ی خەرمانانـدا ئەم وزە لەناخداهەڵگرە دەبێتە کردەیەکی بێوێنە، بەداخەوە ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ئەم خۆڕاگرییە کە لە ئەستۆی حیزبە سیاسییەکان و کوردانی دیاسپۆرایە، زۆر زۆر بە کەمی کاری بۆ کراوە (لانیکەم تا ئێستا). ڕەهەندەکانی کارەساتی هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەدەنگەوە هاتنی خەڵک بە شێوەی نافەرمانی مەدەنی، زۆر لەوە زیاترە کە تا ئێستا لە میدیاکاندا دەنگی داوەتەوە. بەتایبەتی، دەبێ میدیا زەبەلاحەکانی جیهانی و دەوڵەتانی دەرەوە و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، زۆر زیاتر ئاگاداری هەر دوو دیوی ئەم هاوکێشەیە بکرێن، واتە هەم دیوی هێرشەکە، هەم دیوی بەرخودانە مەدەنییەکە.
تۆ سەیر کە، بۆ وێنە لە تویتێکی مایک پێنس جێگری سەرکۆماری ئەمریکادا، تەنیا هێرش بۆ سەر خاکی عێراق ئیدانە دەکرێ و قوربانی سەرەکی هێرشەکە، واتە کوردی ڕۆژهەڵات بەردەنگی مایک پێنس نییە، ئەم غیابە یان

